# له وەڵام به جمال عبداللّه و أحمد معیندا

**شەماڵ علی**

shemalali@yahoo.com

**جمال عبدالله و أحمد معین سەبارەت به جیابوونەوه له ناو حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئیران وهەڵوێستی حزبی ئێمه سەبارەت بەو جیابوونەوەیه دوو نوسراویان نووسیوه كه ئەگەر چی له حەجم و شێوازدا جیاواز بن بەلام یەك ناوەرۆكیان هەیه هەر بۆیه به هەردووكیان یەك وەڵام هەڵدەگرن. هەردوو "ڕەخنه نووس" خۆیان گورج كردۆتەوه وبه نیاز بوون جیابوونەوەی ناو حزبی كۆمۆنیست وەك دیاردەیەك "تەحلیل" بكەن و به هەمان ئەنجام بگەن: ئەویش ئەوەی كه ئەم جیابوونەوەیه نیشانەی ئەزمەی جوولانەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری‌یه وسەرچاوەی ئەم ئەزمەیەش پابەند بوونی ئەم جووڵانەوەیه به تێزەكانی مەنصور حكمەت و گوایه تەبەعیەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق له حزبی ئێران. هەردوو لا به پی‌ی قاعیدەی (فرسەته با قسه بێ كڕیاركانی ڕابردوومان بكەینەوه) و"خوا دای" خەریكن تۆقلەی عوقدە سیاسی ودەروونی‌یەكانی خۆیان به دەرزی ڕەخنه گرتن له كۆمۆنیزمی كرێكاری بتەقێنن.**

**جمال عبدالله له سەنگەری جووڵانەوەیەكی پارچه پارچه ومێژوو پیسەوه، كه جیابوونەوەی ناو حیزبەكانی كێشاویەته شەڕ وناكۆكی چەند دەیان ساڵه و دیرۆكێكی له كوشتار، ماڵوێران كردن، ئاوارەكردن، ئەسیر كوشتن وئەتك كردن، تەعدای جنسی وهێرشی ئیعلامی ژەهراوی وبەكاربردنی قێزەون ترین فەرهەنگ له جنێو فرۆشی وتیرۆركردنی شەخسیەتی ڕابەرانی جووڵانەوەكەیان كه خودی جمال یەكێك له شۆڕه سوارانی ئەم مەیدانه بووه. جمال عبدالله له سەنگەری جووڵانەوەیەكی ئاوا دواكەوتووەوه خەریكه سەبارەت به جیابوونەوەی ناو جووڵانەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاری قسه دەكات وشەرمیش ناكات. مەكتەبی سیاسی حزبەكەی جمال عبدالله چەند ڕۆژ لەوەوبەر لەسەر دزی وگەندەڵی ئیداری یەخەی سكرتێرەكەی خۆیان گرت وخەریك بوو كار بكێشێته دەرپەڕاندن و دوور خستنەوه وئێستاش مەعلوم نی‌یه سەرەنجام خێڵی دزان چۆن لەسەر بەش وبەشكاری ڕێك دەكەون وئایا سەرەنجامی ئەمه به چی دەگەڕێت، دەبێ جەمال پێستی ڕووی چەندە قایم بێت كه بەم حاڵەوه بێ ئەوەی خەڵتانی عارەقی شەرمەزاری خۆی بێت لەسەر باسی جیابوونەوەی ناو حككا دەنووسێت و "تەحلیل" دەكات. ڕاستی‌یەكەی ئەوەیه جمال عبدالله و ناندەرانی دەبێ زۆر به وورد‌ی موتابەعەی تەجروبەی جیابوونەوەكانی ناو جووڵانەوەی ئێمه بكەن وله جیاتی لەسەر نووسین باشی بخوێننەوه وشتی لێ فێربن. ئاخر جیابوونەوەی ناو حككا سەرباری هەر دیاردەیەكی نەخوازراو بۆ خێڵی لوت وگوێ‌ی دیل بڕ پڕه له دەرسی شارستانی‌یانه و مۆدێرنانه و پی‌ی عاقڵ دەبن.**

**أحمد موعینیش كه چەندین ساڵه خەریكی تیئۆریزەكردنی فەشەلی جووڵانەوەی كۆمۆنیستی‌یه له عیراقدا، له جیگای ئەوەی فكرێك له حاڵی جەماعەتەكەی خۆی بكاتەوه و وەڵامی ئەم پرسیاره بداتەوه كه چۆنه پاش چوار ساڵ مەقام ووتن به باڵای حزبی كۆمۆنیستی كرێكارانی عیراقدا به بەستەی یەكێتی كۆمۆنیستەكان كۆتایی‌یان پێ‌هێنا؟، و چۆن دەكرێت جوولانەوەیەك كه حزبی كردبووه ئامانجی به پێكهێنانی "یەكێتی" كۆتایی به عومری بێ‌سەمەری خۆی هێنا به مایەی سەركەوتنی هەڵسووڕاوانی له قەڵەم بدرێت؟، احمد موعین له جێگای وەلام دانەوه بەم پرسیارانه خەریكه وەك حەكیمی زەمان تەحلیل و لێكدانەوه لەسەر جیابوونەوەی ناو حزبێك دەكات كه ئەگەر 10 جاری تریش بەسەر خۆیدا دابەش بێت بچووكترین بەشی چەند بەرابەر جووڵانەوه و یەكێتی‌یه "ڕەهیبەكەی" ئەو نفوزی دەبێت. به ڕاستی به لەبەرچاوگرتنی كارنامەی سیاسی ئەحمەد موعین وجەماعەتەكەی ئەم پۆشاكی حەكیمی‌یه زیاد له حەد به بەریان دەڵب نی‌یه؟**

**نووسینەكەی أحمد معین سەرباری ئەو شەكرانەی لای جمال عبداللّه شكاوه خۆی ئاڵاندۆته كۆمەڵێك مەسەلەوه كه ئەگەر دەرفەت هەبووایه وەڵامدانەوەی هەر هەموویان لەزەتی خۆی دەبوو. من تەنها ئاماژه بەیەك دووانێكیان دەكەم وئەوانی تری بۆ دەستبەتاڵی‌یەكی تر هەڵدەگرم.**

**احمد موعین لەسەر شێوازی جەدەل كردن یەخەی كۆمۆنیزمی كرێكاری گرتووه و هەندێ عیبارەتی هێناوەتەوه كه گوایه شاهیدی گەورەن لەسەر ئەوەی ئەم جووڵانەوەیه وشەخسی‌یەتەكانی وەفادار نین به ئیدیعا ئینسانی ومۆدیرنەكانی خۆیان وبه زمانێكی نەشیاو لەگەڵ یەكتر دوواون. دیاره كه شێوازێك كه هەندێك ئەفراد له جەدەله دەروونی‌یەكان بەكاریان بردووه جێگای ڕەخنەیه وبه هیچ كلۆجێك قبووڵ نی‌یه. بەلام دیوی دووەمی ئەم حوكمه ڕاستی‌یەكه كه به پێچەوانەی بۆڕۆیشتنەكەی أحمد موعینەوه بەڵگەی مۆدیرن بوونی ئەم ڕەوتەیه، ئەوه هەر خودی كۆمۆنیزمی كرێكاری وئەو پیوانانەیه كه ئەم جووڵانەوەیه هەوڵی داوه له كایەی**

سیاسی عیراق و ئێران وناوچەکەدا جێگیری بکات کە بەکار بردنی ئەم زاراوانەی نامۆ و نامەقبول کردووە. دەنا نەك جاران وکاتێك سادە ترین حوکم لە جیدالی نێوان چەپە تەقلیدییکان لە وولات وناوچەکەی ئێمە نۆکەرایەتی بۆ بۆرجوازی وخیانەت کردن و دیان حوکمی تەکفیریی تر بوو، بەڵکو ئێستاش کەس ناتوانێت سەیری ئەدەبیاتی باڵە جیابووەوەکانی ناو حزبە "چەپەکان"ی کوردستان و عیراق بکات ودەیان نموونەی داتەکاندنی بەرامبەر لە شەرافەت ودەستپاکی وفایل پاکی.....هتدپاکی نەبینێت. ئەوە کۆمۆنیزمی کرێکارییە کە هەرچەشنە شێوازیکی غەیرە سیاسی و هەتکی حورمەتی ئەفرادی لە جەدەلی سیاسیدا مەحکوم کردووە دەنا کەس ناتوانێت ئەم حوکمانە بدات بە چاوی نەیارانی ئێمەدا کە ڕۆژانە یان ڕاستەوخۆ خەریکی فایلی شەخسی دروست کردنن بۆ ئێمە، یان ناڕاستەوخۆ خەریکی أمدادی فایلسازانن بە دیتەیلە شەخسییەکانمان، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەو حوکمانە نییە و هیچ کات لە ژیانی سیاسی خۆیاندا پەیڕەوییان لێنەکردووە ناکرێت ئەو حوکمانەیان بە چاودا بدرێتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە أحمد موعین هەر تاوناتاوێك پەنای بۆ دەبات وبەر هەر زمانیك دەیزانێت لەسەری دەنووسێت هەڵوێستی ئێمە لەمەڕ کێشەی ستەمی میللی و ریفراندۆم و ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی عیراقە.. گوایە حزبی ئێمە لەم مەیدانەدا هەڵوێستی موتەناقیزی بووە و سیاسەتی خۆی گۆڕیوە و دووایی هاتۆتەوە سەر هەڵوێستەکانی پێشووی. هەموو بەڵگەی أحمد موعینیش بۆ ئەم مەسەلەیە بەشداری نەکردنمانە لە هەوڵە ناسیۆنالیستییەکان بۆ سازدانی بزووتنەوەیەك بە ناوی ریفراندۆم و ئەو گۆڕانکارییانەیە کە پاش ڕووخانی ڕژێم بەسەر نەخشەی عەمەلیمان لەم مەیدانەدا هاتووە. بە ڕاستی لە ڕیزی ئەوانەی ئەم قسانە لە ڕووی حزبی ئێمەدا دەکەن دەبووا أحمد موعین بەشەرمەوە لە دووای دواوە ڕاوەستایە (ئەمە ئەگەر هەر ناچارە ودەبێ بۆ پەندی زەمانە لەو ڕیزە بووەستێت)، احمد موعین و جەماعەتەکەی دەبووا جارێ فکرێك لە حاڵی خۆیان و ئەو مەوقیفە موحریجە بکەنەوە کە بە بەشدارییان لە "بزوتنەوەی ریفراندۆمدا" تێی کەوتن. ئەوان پاش ئەو هەموو خۆماندوو کردنە، خۆیان بەر لەهەر کەس پەردەیان لەسەر ماهیەتی ئەو جووڵانەوەیە هەڵدایەوە ووتیان کە ئەوان شوێن قەرەباڵغییەك کەوتبوون کە جڵەوەکەی بە دەستی یەکێتی و پارتییەوە بوو. تەنها ڕەخنەیەك کە دەکرێت لە ئێمەی بگرن ئەوەیە کە وەك ئەوان نەکەوتنینە داوی فرت وفێڵەکانی یەکیتی وپارتییەوە شوێن سیاسەتی گاڵەتەجاڕی ئەوان نەکەوتین. ئێمە ئەم ڕەخنەیە قبووڵ دەکەین، ئاخر ئەوە بۆ ئێوە ئاساییە کاك أحمد کە هەڵەی وا بکەن، زۆر زۆر لە کۆنفرانسێکی تردا ناوی خۆتان دەگۆڕن و دەبنە شتێکی تر. حزبێك کە خۆی بە بەرپرسیار بەرامبەر کۆمەڵگا دەزانێت ناتوانێت وەك ئێوە لە هەموو خەت خەتێنێکدا بەشداری بکات و کە پێی هەڵنووت بڵێ .... ئاخ خرچام.

ماوەتە ئەوەی بڵێم کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وەك گەورەترین حزبی چەپی کۆمەڵگای عیراق هەست بە لێپرسراوی بەرامبەر بە هەموو چەپ و هەموو ئەوانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانن دەکات وحازرە دەستی هەموو ئەوانە بگرێت کە دەیانەوێت بۆ ئازادیخوازیی کارێك بکەن. ئەگەر جەماعەتەکەی أحمد معین دەیانەوێت شتێك بە شتێك بکەن، چاتر وایە بیرێك لەوە بکەنەوە کە بەرنامەیەکی عەمەلی لەبەردەم خۆیان دابنێن ولە جیاتی موهاتەرات و خۆ تەعریف کردنیان لەبەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر کۆمەڵگا خۆیان تەعریف بکەن، ئەم جۆرە بەرخوردانە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری هێندەی تر مونعەزیل و بێ ڕەبتیان دەکات. ئەگەر ئەم بابەتە هێرشانە بۆ جمال عبداللە نانێکی تیایە بۆ احمد موعین و جەماعەتەکەی ئەوەشی تیا نییە ....بەسە ئیتر.

2004 10 25